بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

بەڕاستی سەرپێچی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا زۆرن و هەمە جۆرن ، بۆیە پێم خۆش بوو هەندێك لەو سەرپێچیانەی کە زۆرینەی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا تێی دەکەون ، و تووشی دەبن بخەمەڕوو بەڵکو لێی بەئاگابن و وازیان لێبهێنن و تەوبەیان لێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان ، **لەوانەش :**

١ ـ پێشوازیکردنی هەندێك لە ئافرەتان بۆ ڕەمەزان هەروەکو چۆن پێشوازی لە مانگەکانی تری جگە لەڕەمەزان دەکەن ، بۆیە دەبینیت نە نیەتێکی چاکیان هەیە ، و نەش عەزیمەتیان هەیە لەسەر تاعەت و عیبادەتەوە ، و نەش تەوبەیەکی ڕاست دەکەن لەسەر تاوانەکان ، و بڕیاری ئەوەشیان نەداوە کە ئەم مانگە بکەنە سەرەتایەك بۆ گەڕانەوە و وازهێنانی لە تاوان .

٢ ـ وە یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەت لە ڕەمەزاندا ئەوەیە کە ڕەمەزان دەکەنە مانگی خواردن و خواردنەوە و بەشی زۆری ڕۆژەکەی لە چێشتخانەی ماڵەکەیدا بەسەردەبات.

٣ ـ لە سەر پێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا سەردان کردنێکی زۆرە لە نێوان یەکتردا ، بەم کارەیان کاتێکی زۆر دەفەوتێنن کە دەتوانن بەروبوومی کرداری چاکە بەدەست بێنن لە نزیك بوونەوەیان لە خوای پەروەردگار ، بۆ نمونە سەردانێك کە یەك کاتژمێری پێدە چێت ، ئەم کاتژمێرە ئافرەت دەتوانێت دوو جوزئی تەواوی قورئانی پیرۆزی تێدا بخوێنێت ،

٤ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لەڕەمەزاندا نەفامی و نەزانین بەئەحکامەکانی ڕۆژووە ، ئەم ئافرەتە ڕۆژوو دەگرێت هەر وەکو چۆن جگە لەوەی کە ڕۆژووەکەی وەکو عادەت و



باوێك ئەنجام دەدات ، دەبینیت نە پێویستەکانی ڕۆژوو دەناسێت ، نەش سوننەت وئادابەکانی ، وە نەش بەتاڵکەرەوەکانی ، وە ئەم جۆرە ئافرەتەش بەبێگومان ئەگەری ئەوەی هەیە کە بکەوێتە زورینەی تاوانەکانەوە .

٥ ـ وە لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا خۆسەرقاڵکردنیانە بە پێشبڕکێ و زنجیرە فلیم و دراماکانەوە و جگە لە مانە لە بەرنامە بێ نرخەکان ، ئەم ئافرەتە زۆرینەی کاژمێری شەوانی بە سەیرکردنی ئەم شتانە بە سەردەبات ، لە کاتێکیشدا ئەولاتر وایە بۆی کە ئەو شەوەی زیندوکاتەوە بە عیبادەت و زیکر شوکر و خوێندنەوەی قوئانی پیرۆز و بە پەرستش بەسەرببات .

٦ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ڕۆیشتنی ئافرەتانە بەتەنها لەگەڵ شۆفێرەکاندا بۆ ناو بازار ، لەگەڵ دانەپۆشراوێتیان داپۆشینێکی تەواو ، بەم کارەیان تاوانێکی زۆر بەدەست دێنن ، لەوانە : مانەوەی بە تەنها لەگەڵ شۆفێرەکاندا ،

٧ ـ یەکێکی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا زۆر ڕۆیشتنیان بۆ بازارەکان و هاتووچۆکردنیان بە نێو بازاردا بەبێ زەروورەت و پێویستی .

٨ ـ لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ڕۆیشتنی هەندێك لە ئافرەتانە بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا و تەراویح بە تەواوی خۆڕازاوەی و بۆنخۆشکراوی و خۆدەرخستن وسفوریەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : (( أَيُّمَا امْرَأَةٍ تَطَيَّبَتْ ، ثُمَّ خَرَجَتْ ، تُرِيدُ الْمَسْجِدَ ، لَمْ تُقْبَلْ لَهَا صَلاَةٌ حَتَّى تَغْتَسِلَ )) ، واتە : هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆشکات و پاشان دەربچێت بۆ مزگەوت ، نوێژەکەی لێوەرناگیرێت تاکو خۆی نەشوات



کەوابوو خوشکی موسوڵمانم لەخوا بترسە ، و نەفسی خۆت مەخەرە تاوانەوە و بشزانە ئەوەی کە لە لای خوای پەروەردگار لە ڕەحمەت و لێخۆشبوون و ڕزگاربوون لە ئاگر بە سەرپێچی بە دەست نایەت ، بەڵکو بە گوێڕایەڵی و پابەندبوونت بە دەست دێت بەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە .

٩ ـ وە یەکێی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا تێکەڵ بونیانە لەگەڵ پیاواندا لەکاتی دەرچوونیان لە مزگەوت دوای نوێژی تەراویح . لە کاتێکدا پێویستە لەسەریان پێش پیاوان بکەون لە دەرچونیان لە مزگەوت .

١٠ ـ وە لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا سارد بوونەوەی ئافرەتان لە عیبادەت و زیکر کاتێك کە تووشی سوڕی مانگانە یان زەیسانی دەبن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ئافرەتەی کە تووشی بووە دەتوانێ قورئان بخوێنێت و گوێی لێبگرێت ، وە هەروەها دەتوانێت زۆرێك لە تاعەت و عیبادەتەکان ئەنجامبدات لە کاتی سوڕی مانگانەکەیدا ، وەکو بەردەوامبوونی لەسەر زیکرکردن و پاڕانەوە و خوێندنەوەی کتێبە سودبەخشەکان و گوێگرتن لە بەرنامەی قورئانی پیرۆز و جگە لەمانە لە کارە سودبەخشەکان .

١١ ـ وە لە سەرپێچیەکانی تری ئافرەتان لە ڕەمەزاندا : فەوتاندن و لە دەستدانی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بۆ خۆ ئامادەکردن و پێشوازیکردن لە جەژن ئەوەش بە هاتووچۆکردن و گەڕان بەناو بازارەکاندا بۆ کڕینی جل و بەرگی تازە ، یان هاتوچۆکردن لەسەر خەیات و کاروبارە ئافرەتیەکان ، ئەم کارەش پێچەوانەی ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەرۆژی کۆتاییدا هەوڵ و کۆششێکی وای دەکرد کە لە

جگە لەودا نەیداوە ، و عیبادەت و تاعەتێکی تایبەتی تێدا ئەنجامدەدا کە لەبیست ڕۆژی پێشویدا ئەنجامی نەدەدا ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کردارەکان بەپێی کۆتاییەکەیانە ، وە لەبەر ئەوەش کە شەوی قەدر ئومێد وایە کە لە دەیەمی کۆتایی بێت ، وە بە تایبەت لە شەوە تاکەکانی ئەم مانگەدا .

عائیشە ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ ئەفەرموێت : (( كَانَ رَسُولَ اللهِ ﷺ إِذا دخل الْعشْر شدّ مِئْزَره ، وَأَحْيَا ليله ، وَأيْقَظَ أهله )) (متفق عليه) ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دەی کۆتایی بهاتایە خۆی لێ توند دەکرد و خۆی دەپێچایەوە ، و شەوەکانی زیند و دەکردەوە و ئەهلەکەشی بەخەبەر دەهێنایەوە .

کەوابوو خوشکەکەم سوربە لەسەر ئەم شەوە موبارەکانە ، و بە تەنها لەبەر خاتری خوابێت ، و زیندویان بکەرەوە بە نوێژ و بە هەستان بۆ شەونوێژ و تەراویح و زیکرکردن و پاڕانەوە و قورئانخوێندن و صەدەقەکردن .

وە سەبارەت بە جل و بەرگی جەژن لە پێش ڕەمەزان بیکڕە ، یان لە سەرەتای ڕۆژانی ڕەمەزاندا ، نەک لە کۆتاییەکەی ، خوای پەروەردگار بەرەکەت بخاتە تەمەن و کردارتەوە .

١٢ ـ یەکێی تر لە سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا شەو نەخەوتنە تاکو دەرکەوتنی سپێدە ، یان تاکو کاتژمێرەکانی یەکەمی بەیانی ، پاشان خەوتنی دوای ئەم کاتە تاکو نیوەڕۆ یان عەسر ، خەوی بەیانیان جەستە هیلاك دەکات و مرۆڤ تەمەڵ و سارد و سڕ دەکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە گفتوگۆ و دانیشت و قسە و باسی دوای عیشا نەدەکردوە .



١٣ ـ لەو سەرپێچیانەی ئافرەتان لە ڕەمەزاندا ، هاندانی منداڵان لەسەر ڕۆژوونەگرتن لە ڕەمەزاندا ، لەگەڵ ئەوەی کە تواناییان هەیە ڕۆژووبگرن ، ئەم کارەش پێچەوانەی ڕێگە و ڕچکەی سەلەفی صالحە ، و ئافرەتانی صەحابی منداڵەکانیان ڕادەهێنا لەسەر ڕۆژووگرتن هەر لە تەمەنی بچوکیاندا تاکو پێبگەن بۆ گەورەییان ، ڕەبیعی کچی ( معوذ ) ئەفەرموێت : ئێمە ڕۆژوومان دەگرت بە منداڵەکانمان ، و ئامرازی یاریکردنمان بۆیان دروستدەکرد لە خوری ، جا ئەگەر یەکێکیان بگریایە ئەوانەمان پێدەدان تاکو کاتی شکاندنی دەهات . (متفق عليه)

پێشەوا ( ابن حجر ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەڵێت : (( لە فەرموودەکەدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شەرعی وایە منداڵان ڕابهێنین لەسەر ڕۆژووگرتن ، چونکە هەر کەسێك لە هاوشێوەی ئەم تەمەنەدا بێت کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە ئەوا ئەو کارەیان لەگەڵیاندا ئەنجامداوە بۆ پەروەردەکردن بووە )) فتح الباري شرح صحيح البخاري

کەوابوو ئەی چی بوترێت بەرامبەر بەو ئافرەتەی کە بەرگری دەکەن لە منداڵەکانی لەسەر ڕۆژوو ، و زۆریان لێدەکەن لەسەر ڕۆژو نەگرتن ، و خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکەن ؟! لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان گومانی ئەوەیان لێدەکەن بالغ بووبێتن و گەیشتبێتنە تەمەنی تەکلیف .

ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org ba8.org ba8kurdi



ماڵپەڕی بەهەشت

# سەرپێچیەکانی ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزان



ئامادەکردنی : دایکی سوننە

٥